

2013-09-22

www.facebook.com/3kontrakt

کۆنتراکت:

and

Source: kurdistanpost.com

(ژمارەیەک لە پارتەکان لە ڕێگای دەسکەوت، بەرتیل، ئیمتیازو شەڕە پەڕۆوە خەڵک دەخەنە "جۆش و خرۆش"، وەکو خۆیان دەڵێن، بۆ ئەوەی بەرەو دەنگدانیان بکەنەوە. سیاسەت یاریکردن بە ئەقڵی خەڵک و رازیکردنی دڵی ئەم و ئەو نییە. "کۆنتراکت" هەوڵ ئەدات بە گوێرەی توانا زانیاریی بخاتە بەردەمی جەماوەر. ئەم وتارە پیشانی ئەدات کە تۆ لە پرۆسەیەکی دیموکراسییدا دەنگ نادەیت. بۆیە ئەنجامی هەڵبژاردن چاوەڕوان دەکرێت جیاواز بێت لەوەی دیموکراسیی دەیدا بەدەستەوە. ڕێژەی بایکۆتکردنی دەنگدان پیشانی ئەدات جەماوەر تا چ رادەیەک هەڵوێست لەم سیستێمی حوکمە دەگرێت. بەشداریکردنیش لە دەنگداندا دەریدەخات تا چ رادەیەک جەماوەر رەوایی بە سیستێمی حوکمی هەرێم دەداتەوە).

"سەنتەری لێکۆڵینەوەی "کۆنتراکت"
2013/09/15

لە ساڵی (١٩٩١)ەوە ڕێز لە پرەنسیپ و بنەماکانی هەڵبژاردن نەگیراوە
ئاسایشی کۆمەڵایەتیی متمانەبوون بە هەڵبژاردن دروستی دەکات
لە حیزبەکاندا ئەندام ئەبێت کەسایەتیی خۆی لەدەست بدات
گرفتی ئێستا ئەوەیە چۆن دیکتاتۆریی نەمێنێت لە کوردستاندا

ئەیوب بارزانی

بەردی بناغەی دیموکراسیی هەڵبژاردنی ئازادو بێگەردە. هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەردیش بریتییە لەوەی کە هەڵبژاردن پێویستە بە گوێرەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیی و "یەکسانیی رامیاریی" پروات بەڕێووە. وەکو لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەی پێ کراوە پێویستە هەڵبژاردن شارەزاپانە بێت و روونیی هەبێت. ئەمە نەک تەنها لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەڵکو گەلێک لە پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنیشدا.
هەموو حکومەت و سەرکردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەی خۆیان بە هەڵبژاردنی ساختەو نادیار ڕاگرتبوو. لە هەمان کاتدا وا خۆیان نیشانی دەرەوە دەدا کە پابەندن بە پرەنسیپی دیموکراسییەوە. ئەویش بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساختە بۆ داپۆشینی زوڵم، دیکتاتۆریی و پیسخۆرییەکانیان. مەبەست لەو هەڵبژاردنە کارتۆنییە تەنها ئەوە

بوو کە لە بەر چاوی وڵاتانی دەرەوەدا خۆیان لە بەرگێکی دیموکراسییدا پیشان بدەن و حکومەتەکەیان بکەن بە شەرعیی. بەداخەوە سەرکردەکانی کورد، بە ڕێگرتن لە گەشەکردن و پەرەسەندنی دیموکراسیی لە کوردستاندا، وێنەیەکی ناشرینیان پێشانی جیهان دا.
بۆ دروستبوونی هەڵبژاردنێکی بێگەرد، دوور لە فێڵ و گزیی، پێویستە ئەم هەلومەرجانەی خوارەوە هەبن:
1. پێش هەڵبژاردن پێویستە یاسا سەروەر بێت، مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی فراوان بەرجەستە بێت. دادپەروەریی لە کۆمەڵدا رەخساو بێت.
2. هەبوونی ڕێکخراوێکی شارەزا و بێ لایەن، دوور لە هەموو دەستێوەردانێکی حیزبیی و دەرەکیی، خاوەنی تەواوی دەستەڵاتی خۆی بێت بۆ هەر بڕیارێک کە بیدات لە کاتی پێشێلکردنی هەر یاسایەکی هەڵبژاردندا لەلایەن هەر لایەکەوە بکرێت.
3. ڕێزگرتنێکی تەواو لەسەرجەم ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کە بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکەن. مافدان بە بەشدارانی هەڵبژاردن بۆ خۆکاندیدکردن لە پرۆسەیەکی فرە حیزبییدا. قبوڵکردنی ململانێی سیاسیی نێوان بەشداران بە شێوەیەکی ئازادو دیموکراسییانە. رەخسانی زەمینەیەک بۆ ئەوەی بوار هەبێت بەشداران ئازادو دوور لە ترس پرۆژەکانیان پێشکەش بکەن.
4. نەهێشتنی ئاستەنگیی سیاسیی، قانونیی و ئیداریی بۆ ئەوەی کاندیدەکان هەموویان بتوانن بەشداربن بە شێوەیەکی یەکسان. ڕێگا بدرێت بە کاندیدەکان کە پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەردا بکەن و بانگەشەی خۆیان بکەن بۆ هەڵبژاردن.
5. نەبوونی پاوەنکاریی میدیاکان بەشێوەیەکی گشتیی لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە. تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە...هتد تەنها لە بەرژەوەندیی دەستەڵاتداراندا نەبن، بەڵکو دەرفەتی بانگەشەی هەڵبژاردن هەبێت بۆ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بە یەکسانیی و بێ جیاوازیی بۆ خستنەڕووی کارو پرۆژەکانیان بۆ حکومەتی ئایندە.
6. بەهەدەرنەدانی سامانی میللەت لە پێناوی کڕینی دەنگدا لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە. تێچووی هەڵبژاردن پێویستە لە ژێردەستەڵاتی لیژنەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردا بێت. بە شێوەیەک ئەو پارەیەی کە خەرج دەکرێت سەرچاوەکەی ئاشکرا بکرێت لە کوێوە هاتووەو چەندە.
7. ئاشکراکردنی سامان و موچەی کاندیدەکان بە وردیی هاوشێوەی ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسییان تیادا بەرقەرارە، بۆ وێنە بەریتانیا، هۆڵەندا، فەرەنساو سوید...هتد. ئەگەر خاوەنی موڵک و سامانێکی زۆرن پێویستە بیسەلمێنن لە کوێوە بوونەتە خاوەنی ئەو سامان و موڵکە.
8. ئەو کەسەی کە خۆی کاندید دەکات پێویستە ڕابردووی پاک بێت. جاسوس نەبووبێت، تاوانی کوشتنی لەسەر نەبێت، موڵکی میللەتی زەوت نەکردبێت. ئنجا مافی ئەوەی هەیە خۆی کاندید بکات لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەمە بە پێی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان.
9. ئامارێکی سەرتاسەریی بکرێت لە سەرجەم گوند، شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا لەلایەن لیژنەیەکی شارەزاوەو دیاریکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە، لەوە چاکتر بۆ بەدەست هێنانی هەڵبژاردنێکی زۆر پاک و بێگەرد هەوڵ بدرێت بە کۆمپیوتەرکردنی شێوازی دەنگدان کە دەنگدەر بتوانێت لە ماڵی خۆی دەنگ بدات بە پێدانی کۆدی تایبەت بەخۆی وەک زۆرێک لە وڵاتان. بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە کوردستان لە هەڵبژاردندا ناسراوە بە ساختەکردن لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانییەوە.
10. هەر لایەن و حیزبێک پابەند نەبێت بە پرەنسیپی نەزاهەت و پاکییەوە دەبێت بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردن سزای خۆی وەربگرێت.
11. وڵاتێک لە ژێر داگیرکردندا بێت، چۆن ئەتوانیت هەڵبژاردنی ئازادو بێگەردی تیا بکەیت. بەگوێرەی رۆژنامەنوسی تورك خانم سینەم جەنگیز، لە (3)ی ئۆکتوبەری (2012)دا لە رۆژنامەی "تودەیزەمان"دا وتوویەتی: "لە ناوچەی بادینان 4 بنکەی سەربازیی تورکی لێ دامەزراوە: بامەڕنی، باتوفا، کانیماسي و دیلمەنتەپە." دەستێوەردان و بەرژەوەندیی تورکیاو وڵاتی تر لە باشوری کوردستاندا بە ئاسانیی ئەو پرسیارە بەجێدێڵێت کە ئایا تا چ رادەیەک ئازادیی بۆ گەلی باشور بەجێدێڵن بڕیاری سیاسیی خۆی بدات و دەسەڵاتێکی پاک و نیشتیمانیی هەڵبژێرێت؟

ئەزمونی هەڵبژاردن لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تا ئەمڕۆ نیشانی داوە کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ڕێز لە پرەنسیپ و بنەماکانی هەڵبژاردن نەگیراوە. بێڕێزییەکی زۆر کراوە کە بووەتە هۆی بێناوەڕۆککردنی پرۆسەکە. سەرانی (پ.د.ک) بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامییان لە شاری دهۆک و دەوروبەری بۆ دووجار سووتاند، چەند ئەندامێکیان لێ کوشتن. شار بەدەرکردن و تۆقاندنی ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان لە بادینان و هەڵاتنی ئەندامانی بۆ شاری سلێمانی نموونەیەکی ترە.
یەکێتی کە لە سلێمانی لە هەڵبژاردنی هاوینی (٢٠٠٩)دا کۆنترۆڵی نەما، دەستی کرد بە نانبڕینی خەڵک، وەک ئەوەی کە گەل ئەبێت کۆیلە، بەندەو گوێرایەڵی ئەوان بێت، جێبەجێکەری فەرمانی پیرۆزی سەرۆکحیزبەکان بێت. ئەمە بەشێکە لە پەروەردەکردنی ئەندامانی حیزبی دەسەڵاتدار بەتایبەت لە لای سەرکردەکانی پ.د.ک. پەروەردەکردنی ئەندامی حیزب لای ئەوان دەبێت تاک کەسایەتیی خۆی لەدەست بدات، گوێ بە بۆچوونەکانی خۆی نەدات، وەک ڕۆبۆتێک لەلایەن سەرکردەکانیانەوە پرۆگرام کرابێت و بە ئارەزووی ئەوان بجوڵێنەوە.
کاتێک کە دەنگدەر باوەڕو متمانەی بە پاکیی و بێگەردیی پرۆسەی هەڵبژاردن هەبوو ئەو کات دینامۆیەکی بەهێزیش بۆ دەسەڵاتێکی بە توانا دروست دەبێت. ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی و

سەرئەنجام گەشەکردنی ژیان لە هەموو بوارەکاندا.
بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هەر کاتێک جەماوەر هەستی بە ساختە، گزیی و فێڵ کرد لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەوسا ئەو هەستە لە لایان پەیدا دەبێت کە سەرکردەکان ناپاکن و ڕێز لە دەنگەکانیان نەگیراوە، کردنەوەی دەرگاکانی گۆڕانکاریی بە ئاشتیی مەحاڵە. ئەمەش دەبێتە هۆی لێکترازانێکی قووڵ لە نێوان دەسەڵات و گەلدا. پیسخۆریی پەرە دەستێنێت، کارمەندانی دەوڵەت هەست بە لێپرسراوێتی کارەکانیان ناکەن، تۆندوتیژیی و تیرۆرکردنی خەڵکیی زیاد دەبێت بۆ بێدەنگکردن و سەرکوتکردنیان، یاسا بەکار دەهێنرێت بۆ بەرژوەندیی تایبەت و ئاکامەکەشی دەبێتە هۆی داڕمانی سیستەمی ڕامیاریی ئەو وڵاتە.
وادیارە ڕێگا بەرەو دیموکرسیی لە کوردستانی باشور دورە ڕێگا و میندارە. سەرکردە حیزبییەکان هیچ کاتێك دیموکرات نەبوون، لە ژیاني خۆیاندا باوەڕیان بە کاری دیموکراسیی نەبووە. ئەم جلوبەرگی دیموکراسییە بە هیچ شێوەیەك لە بەژنو باڵای ئەم سەرکردانە نایەت. ساختەکاریی لە دیموکراسییدا کە ئەوا زیاترلە 22 ساڵی خایاند، تاوانە دژی گەلەکەی خۆیان. وابزانم گرفتي ئێستای هەرە گرنگ ئەوەیە: "چۆن دیکناتۆریی نەمێنێت لە کوردستاندا؟"

ئەیوب بارزانی
12/09/2013
سەنتەری لێکۆڵینەوەی "کۆنتراکت"

www.facebook.com/3kontrakt